# خانەنشیکردنو بەخشیشی حزب

نەوزاد عەلی ئەحمەد– سوید
Nawzad.ali@hotmail.com

دەستوورو یاسا کاروبارەکانی حکومەت بەڕێوە دەبەن،کۆمەڵێک بڕیاری گرنگی راپەڕاندن هەیە بە بێ گەڕانەوە بۆ بەندو برگەی یاسایی وەک بڕیاری بەتاڵ ئیعتبار دەکرێن،لێرەدا دەمەوێت هەڵوێستە لەبەردەم بەخشیشدانو خانەنشیکردندا بکەم.

لەبەر ئەوەی بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا ئێستاش ناوە ناوە تێکەڵی لە نێوان ئیمزای حکومیو حزبی دەکرێت،هەر بۆیە دەبینین تا ئێستا هەندێک بڕیار دراون هیچ جیاوازیان نیە لەو بڕیارانەی کە رۆژانە لە حزبە رۆژهەڵاتیەکانەوە دەردەچن کە بە نووکە قەڵەمێک دەیان وەزیفەی حزبی ئاڵوگۆڕ دەکرێنو هەزاران برە دۆلار دابەشدەکرێن.

لە بڕیاری خانەشینکردندا؛پێویستە تەواوی بڕیارەکە پشت بە بەندو برگەی یاسایی ببەسترێتو لە نووسراوی خانەنشیکردنەکەدا بڕیارەکان بەیان بکرێن،دیارە لە هەموو جیهاندا بە سیستەمە دیکتاتۆرو دیموکراتیەکان بنەمایەک هەیە بۆ خانەنشیکردن بۆ نموونە تەواوکردنی تەمەنی یاسایی،یان بە هۆی نەخۆشی ئەمەش لە حالەتێکدا پێویستە کەسی نەخۆش پێشتر خزمەتی وەزیفی هەبێت.

کۆمەڵێک لیستی خانەنشیکردن ناوە ناوە لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچن،خانەنشیکراوان زۆربەی هەرە زۆریان تەمەنی یاساییان تەواو نەکردووە،هەروەها کەسی ئاوای تیایە کورسی وەزیفەی نەبینووە،واتە هۆکارێک نیە بۆ خانەنشیکردن.

ئایا ئەو بڕیارانە جۆرێک نیە لە سیاسەتی دڵدانەوەو رازیکەرانەی حزبی!؟ ئایا رەوایە دەرچوویێکی زانکۆو نەخوێندەوارێک بە یەک مووچە خانەنشین بکرێن؟ ئایا دەکرێت لە دایک بووی چلەکانو شێستەکانو حەفتاکان بە یەک مووچەو سەرمووچە خانەنشین بکرێن؟

ئایا ئەو جۆرە خانەنشین کردنە چ جیاوازییەکی لەگەڵ بەخشیشەکانی حزبدا هەیە؟